١٤٤٨ هـ

ڕەدێـــك

بۆ ئەوانەی دەڵێن : ناوێرین حوکم بەشەرع بکەین چونکە توانای ئەوانمان نیە !

نــووسەر : مامۆستا ئوسامە تەوحیدی

ئامادەکردنی : موناصری دەوڵەتی ئیسلامی

بسم الله الرحمن الرحيم

ناونیشانی نامیلکە

ڕەدێك بۆ ئەوانەی دەڵێن : ناوێرین حوکم بەشەرع بکەین چونکە توانای ئەوانمان نیە !

نووسراوی

مامۆستا ئوسامە تەوحیدی -حفظه الله-

ئامادەکردنی

سەرخەری دەوڵەتی ئیسلامی

١٤٤٨ هیجری

بسم الله الرحمن الرحيم

• هەنێک لـە بـەناو دەوڵـەتەکان ـی ئێـستا بەحاکم و زانا بـەکرێگیراوەکانیان لەمورجیئە وجەهمیەکان وئیخوانیـەکان ئەڵێن ئێمە بۆیە وازمان هێناوە لـە حوکمکردن بـەشەریعەت ـی ئیسلامی چونکە گەر حوکم بەشەرع بکەیـن زلهێزەکان ئابلۆقەی ئابوری وهێرشی سەربازی ئەهێنن بـۆسەرمان وسەقامگیری وڵاتمـان ئەشێوێنن بـۆیە ناوێرین حوکم بـەشەرع بکەین چونکە توانای ئەوانـمان نـیە !

ئەم وتەیە هەنێ کەس بەعوزر ئەی بینێت بەڵام ئەگەر ئەمە عوزربێت ئەوا ئەبێت عوزر بـەکافران ـی قورەیش بدرێت چونکە ئەم بیانوە هەمان بیانوی قورەیش بـوو کەوتیـان : ﴿ وقالوا إن نتبع الهدى معك نتخطف من أرضنا ﴾
بت پەرستەکانی مەککە وتیان ئەگەر پەیڕەوی لە دینەکەی تۆ بکەین ئەوا لەسەر ئەم زەویی و ناوچەی خۆمانەدا دەرفێنرێیین.

وەهەمان بیانوی دوو ڕووەکان بـوو کە الله تعالـی باسی کردوون وفـەرموویەت ـی : ﴿ فَتَرَى الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ يُسَارِعُونَ فِيهِمْ يَقُولُونَ نَخْشَىٰ أَن تُصِيبَنَا دَائِرَةٌ ﴾
ئەبینی ئەوانەی کە لەدڵیاندا بەرامبەر بەدینی ئیسلام گومان و نەخۆشی هەیە خێرا ڕائەکەن بـۆ بەدۆستکردن ـی کافران وبیانوو ئەهێننەوە وئەڵێن ئەترسین دووچاری بەڵاو ڕووداوێک ببین بۆیە ئەیانکەینە پشتیوان و ئاشنای خۆمان.

• هەنێکی تریان حوکم بەشەرع ناکەن بەبیانوی ئەوەی حوکمی الله لەگەڵ سەردەمەکان ناگونجێت وسەردەمەکەی تێپەڕیوە وبەسەرچوە وە حوکمەکانی ئیسلام تایبەت بوونە بەو سەردەمەی پێغەمبەر ﷺ بەڵام ئەم کافرانە بێ ئاگان لەوەی کاتێک عیسا دائەبەزێت تەنها حوکم بەشەریعەتەکەی پێغەمبەر ﷺ ئەکات کەواتا حوکمی الله تعالی ناکۆک نیە لەگەڵ هیچ سەردەمێک بەڵکو کێشە لەخودی ئەوکاربەدەستە کافرەیە کەپێی وایە حوکمی الله نەگونجاوە بۆسەردەمی ئێستا چونکە الله تعالی پێغەمبەرەکەی ڕەوانەکردووە بۆهەموو خەڵکی لەهەموو سەردەم وکاتێکدا قال الله تعالی :

﴿ قل يا أيها الناس إني رسول الله إليكم جميعا ﴾

وەناوبردنی حوکمی الله تعالی بەوەی بۆسەردەمی خۆی بووە و بەسەرچوە وئێستا باوی نەماوە هەمان قسەی قوڕەیشیە کافرەکانە کە الله تعالی لەبارەیانەوە فەرموویەتی : ﴿ حَتَّىٰ إِذَا جَاءُوكَ يُجَادِلُونَكَ يَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ هَٰذَا إِلَّا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ ﴾

ئەوکاتەش کە هاتنە لات دەسەکەنە مشتومڕکردن لەگەڵت و کافرو بێ باوەڕەکان ئەڵێن ئەم قورئانە هەر ئەفسانەو وچیرۆکی خەڵکانی ڕابردووە لەوە بەولاوە هیچی تر نیە.

• الله تعالی لەقورئاندا ڕوونیکردۆتەوە ئەوانەی پەیڕەوی لەحوکم وشەریعەتەکەی ناکەن بێ باوەڕەکان و دووڕووەکان وگاور وجولەکەکانن. قال تعالی : ﴿ فلا وربك لا يؤمنون حتى يحكموك فيما شجر بينهم ﴾

نەخێر بەپەروەردگارت ئیمانیان نیە تاوەکو تۆ نەکەن بەدادوەری خۆیان

لەهەرکێشەو ناکۆکیەک کەلەنێوانیان ڕوو ئەیات.

وقال تعالی : ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا إِلَىٰ مَا أَنزَلَ اللَّهُ وَإِلَى الرَّسُولِ رَأَيْتَ الْمُنَافِقِينَ يَصُدُّونَ عَنكَ صُدُودًا ﴾
کاتێکیش پێیان بوترێ وەرنە لای ئەو بڕیار و بەرنامەو شەریعەتەی الله تعالی دایبەزاندووە وەرنە لای بڕیاری پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تا کێشەکەتان بۆ ببڕێتەوە کەچی دووڕووەکان ئەبینی رووت لێوەردەگێڕن وپشت هەڵەکەن.

• پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : « لعن الله من غيَّر منار الأرض »
نەفرەتی الله تعالی لەوکەسەبێت کەسنوری زەوی ئەگۆڕێت.

سەرنج بەن نەفرەتی کردووە لەوکەسەی سنوری زەویەک بگۆڕێت بۆئەوەی مافی بەندەکان نەخورێت ومافی بەندەکان پێشێل نەکرێت ئەی ئەبێت حاڵی ئەو کەسە چۆن بێت سنورە شەرعیەکان ئەگۆڕێت ودەست درێژەکاتە سەرمافی حاکمیەتی الله تعالی کەبەم هۆیەوە تەوحید پێشێل ئەکات وستەمیش لەمافی بەندەکان ئەکات.

کەچی جەهمیەکان ئەڵێن گەر دەست درێژکاتە سەر مافەکانی الله تعالی ش هەر براگەورەمانە و خۆشەویستمانە و خوێنمان لەرێگەی مانەوەیەتی لەدەسەڵات لەدژی خەواریجەکان کەلەدژی ڕاپەڕیون !

• وازهێنانیان لەحوکمی الله تعالی بەبیانوی کوفری وەک ئەوەی ئەڵێن جێ بەجێکردنی شەریعەت ئەبێتە هۆی ئەوەی مافی هەنێک خەڵک پێشێل بکرێت ویەکسانی بەرپانابێت !

والعیاذ باللە ئایا اللە تعالی کەخوٚی هەموو جیهانی دروستکردووە نەیزانیوە چی حوکمێک عەدالەت و شیاوە بوٚ دروستکراوەکانی ؟!
اللە تعالی فەرموویەتی : ﴿ قُلِ اللَّهُمَّ فَاطِرَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ عَالِمَ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ أَنْتَ تَحْكُمُ بَيْنَ عِبَادِكَ فِي مَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴾
بڵێ ئەی پەروەردگارم ئەی بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەویی زانای پەنهان و ئاشکرا زانا بەدیارو نادیار هەر توٚ لە نێوان بەندەکانی خوٚتا داوەریی ئەکەیت لەو شتانەدا وا کێشەو جیاوازییان تیا هەیە هەر توٚ بڕیاری تێرو تەسەل ئەیەیت و هەق و ناهەق جیا ئەکەیتەوە.

بەڵی ئەو بڕیارانەی اللە تعالی یاویەتی لوتکەی عەدل و هەق ە مافەکان بەهەق دابەش ئەکات پاشان هەربەئەقڵیش ناگونجێت یەکسانی نێوان کافر وموسڵمان و نێر ومێ بکرێت لەماف وئەرکدا گەر ئەم یەکسان نەکردنە لای ئێوە پێشێل کردنی مافەکانە ئایا خوٚتان لەیاساکانتاندا بوٚچی لەیاری توٚپێن ئافرەت وپیاو یەکسان ناکەن و بەرامبەر بەیەکتری دایاننانێن ؟

چونکە پێتان وایە لەداپەروەری نیە دوو ڕەگەزی جیاواز بەرامبەر بەیەکتربکرێن کەلەهێزدا یەکسان وهاوتەریبی یەکتری نین کەواتا بوٚچی ڕەخنە لەحوکمی اللە تعالی ئەگرن کە اللە تعالی کاتێ ئافرەت وپیاوی لەهەموو ڕوویەکەوە یەکسان بەیەکی نەکردووە وە کافر وموسڵمانی یەکسان نەکردووە چونکە لەعەدالەت نیە کەسی موسڵمان وکافر لەماف وئەرکدا یەکسان بن وەکچوٚن ئێوە گەر کەسێ شەهادەی دکتوٚرای هەبێت ناتوانن هەمان ئەرک ومافی ئەم کەسە بەن بەکەسێک کەهیچ شەهادەیەکی نیە بوٚیە جیاکاری لەماف وئەرک لەنێوان کافر وموسڵمان وئافرەت وپیاو لوتکەی دادوەریە.

ئایا ڕەوایە بەبیانوی یەکسانی خەستەخانە مرۆڤە ساغ ونەخۆشەکان هەموویان کۆبکاتەوە بڵێت هەرچارەسەرێکم یا بەنەخۆشەکە ئەیەم بەساغەکانیش لەپێناو یەکسان ـی کۆمەڵاتی ؟

بێگومان نەخێر ئەڵین شتی وا نەگونجاوە ئەبێت جیاوازی بکرێت لەنێوان نەخۆش وکەسی ساغ ـدا دەی کەواتا بۆ ڕازی نین کەالله ـی زانا بەنهێنیەکان جیاوازی بکات لەنێوان نەخۆش ـو ساغەکان لەنێوان کافر وموسڵمان لەنێوان بەهێز وبێ هێز لەڕووی ماف وئەرکەکان ؟

پرسیارێکی تر :
ئایا ڕەوایە کەسێک شەو ڕۆژ کارێک بکات کەسێکی تر لەماڵ دانیشێت وهیچ کارنەکات هەردووکیان وەکو یەک بەیەکسان ـی پاداشت بکرێن ؟

ئایا ئەکرێ بەبیانوی یەکسان ـی ئەو دووکەسە وەکو یەک مانگانە پارەیان پێ بدرێت بەبیانوی یەکسان ـی لەمافدا ؟ بێگومان نەخێر بەڵکو ئەوە ستەم وناهەقیە چونکە کەسێک کارەکات ماندوو ئەبێت کەسێکی تر هیچ کارناکات وهەمان پاداشتیش وەرئەگرێت کەواتا لێرەدا ستەمکرا لەوکەسەی کەکارەکات وماندوو ئەبێت لەژێر ناوی یەکسانی لەمافدا !

کەواتا دادپەوەری ئەوەنیە هەموو چینەکان لەماف وئەرکدا ولەسزا وپاداشتدا وەک یەک یەکسان بن بەڵکو یەکسان بن چونکە هەنێجار یەکسانکردن ستەمە ودژی دادپەروەریە هەر بۆیە الله تعالی لەجیاوازیکردن لەنێوان ماف وئەرکەکان بۆچین وتوێژەکان لوتکەی عەدالەت و زانای ودانایی خۆی پیشان یاوین.

وەک پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتـی « **فأعطِ كُلَّ ذي حَقٍّ حَقَّه** »
بـۆیە لەئیسـلامدا جیاوازیکردن لەماف وئەرک وپاداشت وسـزا دادوەریە چونکە یەکسـانـی ڕەها لەگەڵ ئەقڵیش ناگونجێت.

پـاشـان ئەڵێن جێ بەجێکردنـی شـەریعەت ئەبێتە هۆی ئەوەی کەسـێ دزیکرد دەست ـی ببڕدرێت ئەمەش ئەبێتە هۆی کەم ئەندام کـردنـی مرۆڤێـک ئێمەش ئەڵێین ئەمە لوتکەی جەهلی ئەقڵی ئێوەیە چونکە دەستێـک ببڕێت باشترە لەوەی دەسـتێک ماڵی هەزاران موسڵمان ببڕێت وبیدزێت چونکە بەم هۆیـەوە سـەقامگیری وئەمن و دڵنیابون لـەسەر ماڵ وسامان یەتە ئاراوە وخەڵکـی لەترس ـی ئەوەی ماڵیان بدزرێت لەدوودڵیـدا نابن وبەرژەوەندی گشـتی موسڵمانان بەرقەرار ئەبێت بـەپێچەوانەی سزای زیندانەکەی ئێوە کەکەسـی دز لەزیندانەکانەوە فێری فێڵی تازە ترئەبێت بـۆکاری دزێتی وە ئیسـلام دەست ـی دز ئەبڕێت تاوەک موسـڵمانان وەک ئێوەیان لـێ نەیەت کەدز ئەکەن بەسـەرۆکـی وڵات و داهات ومولکی خەڵکی هەمووی ئەدزێت لەپێناو بەرژەوەندی خۆی و خۆشگوزەرانی خانەوادەکەی وخێڵەکەی هەربـۆیەش ترستان لەحوکم ـی ئیسلامە چونکە ڕێگرە لـەفەسادیـەکانتان بـۆیە باشترین حوکم کەپڕە لەلوتکەی عەدل کەبەشەرع وبەئەقڵ وبەفیطرەت ـی پاک هەمووکەسـێک هەست بەو دادوەریە پاکە ئەکات کەلەحوکم ـی الله تعالی هەیە کەخاوەن تەواوترین و پڕدادوەرترین حوکمـە.

﴿ **أَلَيْسَ اللَّهُ بِأَحْكَمِ الْحَاكِمِينَ** ﴾
والحمدلله رب العالمين